# یەكسانی

بڵاوكراوەی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

YAKSANY PAPER OF INDEPENDENT WOMEN ORGANIZATION

ژمارە (٤٥) كانوونی دووەمی ٢٠٠١ No. (45) Jan. 2001


**بژی یەكسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو!**


* دەبێ بكوژانی ژنان دادگایی بكرێن!.....ل-٣

* یەكەمین كۆنفرانسی سەنتەری لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست...............ل-٤


ژنانی كوردستان لە هەلومەرجێكی نالەبار وسەختی ژیان وناشایستەی ئینساندا ڕۆژانە چاو دەكەنەوەو تەمەن بەسەر دەبەن! بەعنوانی ژن بوون ژێر دەستەو چەوساوەو كۆیلە وملكەچن! بۆیە ئەگەر لاپەڕەكانی قوربانیانی ناموس پەرستیو ئەخلاق پەرستی هەڵدەینەوە، پڕە لە كارەساتی دڵتەزێن وتراژیدیای جۆراوجۆری شەرم هێنەر دەرحەق بەژنان.
ژنان خراونەتە ناو ئەڵقەیەكی داخراوی سانسۆری پیاوسالاری وكۆنەپەرستیەوە. مافی ژیان كە سەرەتاییترین مافی ئینسانە تا مافە كۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وسیاسییەكانی ژنان، پێشێل كراوە. توندوتیژی جەستەیی ودەروونی وتیرۆرو كوشتاری ژنان لەسایەی فەرهەنگی پیاوسالاریو بیروباوەڕو یاساكانی كۆنو وەرگیراو لەئیسلامەوە بەفراوانترین ودڕندانەترین شێوە بەڕێوە دەچێت. سەربڕین، لووت بڕین، ئەتك كردنی ژنانو خەڵتانی خوێن كردنیان، ناچار كردنیان بە خۆسوتاندنو خۆكوژی وەكو هەوڵێكی بێچارە بۆ ررزگار بوون لە زوڵمو ستەمی كۆمەڵگای پیاوسالاری، نموونەكانی ئەم واقعیەتەن كە ژنانی تێدا قەتلوعام دەكرێت.ئەگەر سەیری ڕێژەو ئاماری خۆسووتاندنی ژنان بكەین، دەبینین بەرەیەكی شەڕی ڕۆژانە بەڕێوەیەو بەردەوام ژنانی تێدا دەبنە قوربانی. ئەوە چ یاساو سوونەتو فەرهەنگێكە كەوا لە ئینسانەكان دەكات دەستبەرداری شیرینترین شتی خۆیان بن!؟ ئەمە تراژیدیایەكی دڵتەزێنە كە ژنان دەستیان بچێتە ژیانی خۆیان بۆ "رزگاربوون" لە مەینەتەكانیان، بەڵام هاوكات دڕندەیی ئەو یاساو سوننەتانەیش دەخاتە ڕوو كە لە كۆمەڵگادا زاڵن.
ڕۆژبەرۆژ لاپەڕەی مێژووی ژیانی ژنانی كوردستان بە مەئساتو كارەساتی جەرگ بڕ تۆمار دەكرێت. لەلایەكەوە ژنان وەكو وەسیلەیەكی تێركردنی ئارەزووی سێكسیو منداڵبوون بۆ پیاوان سەیر دەكرێن، لەلایەكی دیكەشەوە پڕوپاگەندەی تاقمو دەستە ئیسلامیەكان بۆ هێرش كردنە سەر مافو ئازادیەكانی ژنان، بەردەوام ژنان لە جێگەو ڕێگەیەكی نایەكسانو پلە دوودا ڕادەگرێت.
حیزبە ناسۆنالیستە دەسەڵاتدارەكانیش خۆیان دەوری سەرەكییان هەیە لەم نمایشكردنەی بێمافیی ژناندا.
ژنانی یەكسانیخوازو ڕێكخراوەكانی ژنانو لایەنگرانی مافو ئازادییەكانی ژنان، دەبێ خەباتی نەپساوەیان بۆ كۆتاییهێنان بەم وەزعە مەینەتبارەی ژنان جۆشبدەن.
دەبێ دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر بەم بێمافییانەی ژنان لەئاستی فراوانی جەماوەریدا بەرز بێتەوە. دەبێ بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان لێبڕاوانە بۆ ئەوە بكۆشن كە لەباری یاساییو كۆمەڵایەتییەوە ئاڵوگۆڕ لەم وەزعیەتەی ژناندا پێك بهێنن. دەبێ یاسای ئەحوالی شەخسی لەڕیشەوە بگۆڕدرێت. ئەم یاسایە خۆی ڕەمزو وەسیلەی ڕاگرتنی بێمافیو مەوقعییەتی پلەدوویی ژنانەو بیانووی یاسایی دەداتە دەست تاوانباران كە ژنان تیرۆر بكەن. بەڕەسمی ناسینی مافەكانی ژنانو یەكسانیو ئازادییان وەكو هاووڵاتییەكی یەكسان لەگەڵ پیاواندا یەكێكە لە ئامانجە فەورییەكانی بزووتنەوەی ژنان لە كوردستان. ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەم مەیدانەدا بەدیلو تەرحی خۆی خستۆتە ڕوو. ئێمە بانگەوازی سەرجەم ڕێكخراوەكانی ژنانو ئافرەتانو جەماوەری ئازادیخوازو یەكسانیخواز دەكەین كە هەوڵەكانمان یەكخەین بۆ لەسەر كورسی دانانی یاسای بەدیلو ڕادیكاڵ لەجێگای یاسای ئەحوالی شەخسیی كۆندا.

## سەربڕینی ژنان ، ڕوخسار و ناوەڕۆكی ڕاستەقینەی ڕژێمی بەعسە!


ناسك ئەحمەد


حەملەی سەربرینی ژنان بە شمشێری دوو فاقە لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە لەشارەكانی عێراقدا، بە ڕۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی خەڵكەوە، تەعبیرە لە رووخسار و ناوەرۆكی راستەقینەی ئەم رژێمە پیاوسالار و ئینسان كوژە، ئەم كاروكردەوەیە جارێكی تریش تەئكیدی ئەو حەقیقەتەی كردەوە كە رژێمی بەعس جگە لە دەزگایەك بۆ كوشتن و لەنێوبردن و قەتل و عامی خەڵكی عێراق هیچی تر نییە، رژێمی بەعس لەگەڵ كوشتن و لەناوبردنی ئینسانەكان و سەركوتیاندا ئالودەیە و دوو دیوی یەك پارەن، ئەم دەسەڵاتە شوومە هەر بەم شێوەیە دەتوانێ بمێنێتەوە، گەر یەك رۆژ دەست هەڵبگرێ لەم خەسڵەتەی ئەوە مەرگی یەكجاری بەدەستی خەڵكی ئازادیخوازی عێراقەوە مسۆگەرە. فەرموون سەیركەن و ببینن ئەمجارە ئەم رژێمە نەگریسە چ تاوانكارییەك دەرهەق بە ژنانی ستەمكێش و مەحرومی عێراق پیادە دەكات، دیقەت بدەن و ببینن ئەمجارەشیان بە چ شێوەیەك ئەم رژێمە كەوتۆتە قەتڵ و عامی بە كۆمەڵی ژنان، رژێمی بەعس لە رێگای دەزگاكانی (فیدائی صدام ) وە كە لە هەموو شارێكدا تۆرێكی لەم ئینسان كوژانە دروست كردووە و تەدریبی داون، تاكو ئیستا بە دەیان ژنی لە شارەكانی عێراقدا كەلەپاچە و لەتوپەت كردووە و بە شمشێری دووفاقە سەریان بریون و لە جەستەیان جیاكردونەتەوە، لە شاری بەغداد زیاتر لە (٢٠٠ ) ژن و لەشاری (بصرە) ١٥ ژن و لەشاری موصل زیاتر لە (٤٠ ) ژن بەم شێوە وەحشیگەرییە و بەبەرچاوی خەڵكەوە سەربردراون ئاخرین هەواڵ ئەوەیە كە بەم نزیكانە چوار ژن لە شاری موصل بە بەرچاوی خەڵكەوە سەربردراون بەم ناوانە (ام ماهر دانیشتوی گەرەكی صدام، كرستینا دانیشتووی گەرەكی صدام، سعاد دانیشتووی گەرەكی سكر، صبریە لە گەراجی شمال ). رژێم بەوەوە ناوەستێ كە ژنان سەربڕێ و بیانكوژێت، بەڵكو دەبێ سەری بردراوو لاشەی بێ سەریان بۆ تۆقاندنی هەزارەها ئینسانی تر بەكاربهێنێت، ئەوەتا فیدائیە ئینسان كوژەكانی رژێم لە دوای ئەنجام دانی تاوانەكەیان سەری بردراوی ژنەكان هەڵدەواسن بە دەرگای ماڵەكانیانەوە. پاساوی سوواو و بێبنەما و فریوكارانەی رژێم جگە لە ناموسپەرستی و


بۆ ل-٢





*نامەی ناڕەزایەتی ١٣ پەرلەمانتاری سوید لەدژی كوشتاری ژنانی لەشفرۆش لەلایەن رژێمی بەعسەوە.........ل-٣

* بەیاننامەی مەحكوم كردنی سەربرینی ژنانی لەشفرۆش لە عیراق...ل-٤


## ڕۆشنبیران و
## ئازادیی كارو هەڵسووڕانی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان


گفتوگۆ لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرو كەسایەتیو نوسەرێكدا...ل-٢و٣


## كار وچالاكییەكانی ڕێكخراو

* ٢٠٠٠/١٠/١٠ وەفدێكی نووسینگەی یەكێتی ئافرەتانی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان بەسەرپەرشتی بەرپرسی نووسینگە سوسن ابراهیم سەردانی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان كرد ولەلایەن ساكار احمد ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێكخراو ونسرین مهند پێشوازیان لێ كرا .

* ٢٠٠٠/١٠/١٨ وەفدێكی كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان سەردانی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی كردو لەلایەن ناسك احمد سكرتێری ریكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و ساكار احمد-ەوە پێشوازییان لێكرا.

* ٢٠٠٠/١١/١٥ ساكار احمد بەنوێنەرایەتی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەشداری كۆبوونەوەی ناوەندی هاوبەشی ڕێكخراوەكانی ئافرەتانی لە شاری هەولێر كرد سەبارەت بە تەقینەوەی ١١/١٤ ی هەولێر.

* ٢٠٠٠/١١/٢٠ ساكار احمد بەشداری لە كۆبوونەوەی ناوەندی هاوبەشی ڕێكخراوەكانی ئافرەتان لە شاری هەولێر كرد كە تایبەت بوو بە چۆنیەتی بەرەو پێش چوونی كارەكانی ناوەندی هاوبەش.

* ڕۆژی٢٠٠٠/١١/٢١ تیمێكی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سلێمانی بەشداری كۆبوونەوەیەكی ئاسایی ناوەندی هاوبەشی ڕێكخراوەكانی ژنانی كرد. لە كۆبوونەوەكەدا سەبارەت بە ڕێگرییەكانی یەكێتی نیشتمانی بۆ ڕێكخراوی سەربەخۆو پشتیوانی ناوەندی هاوبەش لە ئازادی چالاكی یاسایی ڕێكخراوو تەرحی یەكێتی ژنان دەربارەی ئیجازەی دایكایەتی بۆ ئەنجومەنی وەزیران قسەوباس كرا.

## پاشماوه‌ی
## سه‌ربڕینی ژنان، روخسارو...

ئه‌خلاقیاتی دوواكه‌وتوانه هیچی تر نی‌یه كه هه‌موو دژه ژنێك بۆ پاساودانی تاوانه‌كانی ده‌رهه‌ق به ژنان ده‌توانی ده‌ریای ناموسپه‌رستی خۆی به‌ره‌لابكات. به‌راستی صدام حسین و جه‌نگاوه‌ره درنده‌كانی رووی هیتله‌ر و نازیه‌كانیان سپی كردووه، ئه‌م تاوانكارییه‌ی رژێمی به‌عس ده‌بێت له درنده‌ییدا به چه‌ندین قات له پێش هی ئه‌مانه‌وه دابنرێت.

بیانووی رژێمی به‌عس بۆ ئه‌م تاوانكاریه ئه‌وه‌یه كه ئه‌م ئینسانانه له‌ش فرۆشن، به‌ڵام ئه‌ی به‌هانه‌ی كوشتن و ئیعدام كردن و سه‌رنگوون كردنی هه‌زاره‌های تر له‌خه‌ڵكی عێراق چی بووه. له راستیدا رژێمی به‌عس دژی هه‌موو خه‌ڵكی عێراقه، بیانوو هێنانه‌وه بۆ كوشتنی ئینسانه‌كان له‌لای ئه‌م رژێمه ئاسانه، خودی ئه‌وه‌ی ئینسان بیت و هاوولاتیه‌كی كۆمه‌ڵگای عێراق بیت ئیتر ئه‌وه كافی‌یه بۆ ئه‌وه‌ی رژێم حه‌قی هه‌بێت بتكوژێت، له‌ناوت به‌رێت، ته‌فرووتونا و سه‌رنگوونت بكات، له‌ش فرۆشیی ژنان له عێراقدا به‌ڵا و موسیبه‌تێكی تره كه ئه‌م رژێمه نه‌گریسه بۆ ژنانی عێراقی دروست كردووه، هه‌ژاری و برسێتی و بێخانه و لانه‌یی و جه‌نگ و ده‌یه‌ها به‌ڵا و موسیبه‌تی تر كه كارنامه‌ی رژێمه بۆ خه‌ڵكی عێراق، هۆكاری ئه‌سڵی دیارده‌ی له‌ش فرۆشین.

هه‌ر رۆژێك له ته‌مه‌نی شومی رژێمی به‌عس زیادبێ، به‌ڵاو كاره‌ساته‌كانی سه‌ر سه‌ری خه‌ڵكی مه‌حرومی عێراق سه‌د ئه‌وه‌نده ده‌بێته‌وه. له‌سه‌ر ده‌ستی ئه‌م رژێمه خه‌ڵكی عێراق به ئه‌ندازه و ئاستێك به جۆره‌كانی تاوانكاری و ئه‌شكه‌نجه و كوشت و بری به‌كۆمه‌ڵ و برسێتی و مه‌رگی ئینسانه‌كان ئاشنابوون و ده‌ست و په‌نجه‌یان له‌گه‌ڵدا نه‌رم كردووه كه هیچ كات له ئاستی خه‌یاڵ و بیركردنه‌وه و ته‌صه‌وری ئه‌م خه‌ڵكه‌دا نه‌بووه، به‌راستی نه‌فه‌س درێژی و ئیراده‌یه‌كی به‌هێزی ده‌وێ كه ئینسان هه‌مه‌رۆژه تاوانه‌كانی ئه‌م رژێمه بهێنیته پێش چاوی خۆی و ته‌حه‌مولی ئه‌وه بكات كه له كۆمه‌ڵگایه‌كدا ژیان به‌رێته سه‌ر كه ئه‌م رژێمه هار و درنده و مشه‌خۆره له‌سه‌ر گیانی ئینسانه‌كان حوكمرانی بكات، بۆیه هه‌رچی زووتر ئه‌م رژێمه له‌كۆڵ خه‌ڵكی عێراق ببێته‌وه‌وه و گۆری گوم بكات هێشتا هه‌ر دره‌نگه.

ده‌سه‌ڵاتی رژێمی فاشستی به‌عس له‌عێرقدا به قیمه‌تی ئیعدامكردن و له‌نێوبردن و له‌گۆرنانی هه‌زاره‌ها هه‌زار ئینسانی ئازادیخواز و دڵ پر له هیوا بووه، به قیمه‌تی برسێتی و بێكاری و ژیانكردنی ملیۆنه‌ها ئینسان بووه له ژێر راده‌ی هه‌ژاری‌یه‌وه، به‌قیمه‌تی رۆژ ره‌شی و تیرۆر و توندوتیژی بێوێنه بۆ جه‌ماوه‌ری فراوانی ژنان بووه له عێراقدا. به درێژایی ته‌مه‌نی نه‌گریسی ئه‌م رژێمه، ژنان ئه‌و به‌شه بوون له خه‌ڵكی عێراق كه به درندانه‌ترین شێوه چه‌ساونه‌ته‌وه و تووشی موسیبه‌ت و كاره‌سات هاتوون. مل په‌راندن و له‌ت و په‌ت كردنی به كۆمه‌ڵی ژنان له‌لایه‌ن ئه‌م رژێمه‌وه، درێژه‌ی هه‌مان ئه‌و حه‌مله ئیمانیه‌یه كه ماوه‌یه‌كه رژێم بۆ به ئیسلامی‌كردنی عێراق ده‌ستی پێكردووه، به قانوونی كردنی حیجاب و سه‌پاندنی به‌زۆری به‌سه‌ر ژنان و كچاندا له قوتابخانه و ده‌وائیر و ده‌زگاكاندا و فه‌رزكردنی به‌زۆری نوێژ كردن ته‌نانه‌ت به‌سه‌ر زیندانیانیشدا به‌شه جۆراوجۆره‌كانی ئه‌م حه‌مله‌یه‌یه بۆ به ئیسلامی‌كردنی عێراق. ئه‌م هه‌نگاوه پیس و چه‌په‌ڵانه‌ی رژێم هه‌ول و په‌له قاژه‌یه بۆ هه‌رچی زیاتر سه‌ركوتی خه‌ڵكی عێراق و مل پێكه‌چكردنیان بۆ ده‌سه‌ڵات و نیزامه دارزیو و چه‌په‌ڵه‌كه‌ی، تا له‌م رێگایه‌وه هه‌رچی زیاتر درێژه به ته‌مه‌نی نه‌گریسی بدات. ده‌وره‌ی ئاینده كه رژێم ئومێدی خۆی له‌سه‌ر بینا كردووه، واته ده‌وره‌ی هه‌ڵگرتنی گه‌مارۆی ئابووری و گه‌رانه‌وه‌ی رژێم بۆ جموجۆڵ و ریزی نێونه‌ته‌وه‌یی، ده‌وره‌یه‌كه كه رژێم له ناوه‌وه پێویستی به هه‌رچی زیاتر سه‌ركوتی خه‌ڵكی عێراق و مل پێكه‌چكردن و بێئیراده‌كردنی ئه‌م خه‌ڵكه‌یه.

ئه‌م حه‌ملاتانه‌ی رژێم به دژی ژنان و خه‌ڵكی عێراق ده‌بێ به توندی وه‌ڵام وه‌ربگریته‌وه و ریسوا بكرێ، هه‌موو ئازادیخوازان له هه‌ر كوێیه‌كی دنیادا ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن به‌رپرسیارن له فشار خستنه سه‌ر رژێمی به‌عس بۆ راگرتنی حه‌مله‌ی كوشتن و سه‌ربرینی ژنان.

٢٠٠٠/١١/١٥

# رۆشنبیران و ئازادیی كارو هه‌لسووڕانی رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان

**پرسیار:**

رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان و سه‌نته‌ری پارێزگاری ژنان، پشت وپه‌نایه‌كی به‌هێزو په‌ناگه‌یه‌كی ئارامی ژنان بوون له‌به‌رامبه‌ر كۆنه‌په‌رستی ودواكه‌وتوویی و تیرۆر. رۆژی ٢٠٠٠/٧/٢١ له‌شاری سلێمانی له‌لایه‌ن ئاسایشی یه‌كێتی نیشتمانیه‌وه هێرش كرایه سه‌ر بنكه‌كه‌یان و پێیان داخستن و شتومه‌كه‌كانیان به‌تالان بردن.
ئێوه هه‌ڵویست ولێكدانه‌وه‌تان چی‌یه به‌رامبه‌ر به‌م كرده‌وه‌یه‌ی یه‌كێتی؟



**١-دایكی ئامێز سكرتیری كۆمه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی كوردستان:**

رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان هه‌ر له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی‌یه‌وه تا ئێستا زۆر كاری گرنگی بۆ ئافره‌تان ئه‌نجام داوه. له ناوه‌ندی هاوبه‌شی شاری سلێمانی به‌شداربووه، شوێن وپه‌نجه‌ی دیاربووو، هه‌ڵوێستی زۆر ئازا وبوێرانه‌ی له‌دژی تیرۆر وكوشتن وسوكایه‌تی به ئافره‌تان بووه .
ئه‌گه‌ر هه‌ر كیشه‌یه‌ك له‌نیوان دوو حیزب دروست ده‌بیت، با ئافره‌تان تیا زه‌ره‌رمه‌ند نه‌بن. داخستنی بنكه‌ی (ر.س.ئا) و(س.پ.ژ) كارێكی ناره‌وایه، ده‌بێت رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان له كاری رێكخراوه‌یی خۆیدا ئازاد بیت.
كه هه‌ڵگری شیعاری مافی مرۆڤ ودیموكراتین یه‌كه‌م شت با ئافره‌ت له هه‌ڵسوكه‌وت وكه‌سایه‌تی وجل وبه‌رگ پۆشین وهه‌ڵبژاردنی هاوسه‌ر وهه‌روه‌ها له‌كاری رێكخراوه‌یی خۆیدا ئازاد بیت .
سه‌نته‌ری پارێزگاری ژنانی سه‌ربه رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان په‌ناگه‌یه‌كی ژنان بوو، ده‌یان ئافره‌ت رووی‌تێ ده‌كرد، كه رووبه‌رووی توندوتیژی وئیهانه وسووكایه‌تی ولێدان وتیرۆر چ له‌لایه‌ن خیزان وهاوسه‌ره‌كه‌ی، چ له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵگاوه ده‌بووه‌وه .
دوای داخستنی (ر.س.ئا)و(س.پ.ژ) زۆر شت روویداوه، چ له‌تیرۆر وخۆسووتاندنی ژنان، گه‌ر سه‌نته‌ری پارێزگاری ژنان بمایه ئه‌وا ژیانی ئه‌و ژنانه له كوشتن وتیرۆر وسووكایه‌تی رزگار ده‌بوو.
كاره‌كانی (س.پ.ژ)و (ر.س.ئا) هێز وتوانای به ئافره‌ت له زۆر شت ده‌به‌خشی، وه‌ك ژنان به مافی خۆیان له‌دژی هه‌ر توندوتیژی‌یه‌ك پێداچوونه‌وه.
ئێمه وه‌ك كومه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی كوردستان ناره‌زایه‌تی خۆمان ده‌رده‌برین له‌به‌رامبه‌ر داخستنی له‌لایه‌ن ده‌سه‌لاتداران، به‌پێچه‌وانه‌وه ده‌بووایه پشتگیری و هه‌موو جۆره كۆمه‌كێكی بۆ دابین بكرابایه، نه‌ك دابخرێن وه له‌هه‌وڵی جدی‌داین له ناوه‌ندی هاوبه‌ش بۆ كردنه‌وه‌ی بنكه‌ی رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان وسه‌نته‌ری پارێزگاری ژنان، هیوادارین هه‌موو كه‌سایه‌تی ئازادیخواز وپێشكه‌وتنخواز ده‌نگیان بخه‌نه پاڵ ده‌نگمان، تا ئافره‌ت له كه‌سایه‌تی خۆی وكاری رێكخراوه‌ییدا ئازاد بیت .

**٢- شیرین ئامێدی سكرتیری یه‌كێتی ئافره‌تانی كوردستان:**

سلاوی ئاشتی ویه‌كسانی له ئێوه‌ی به‌رێز بیت، ئێمه وه‌ك رێكخراوێكی جه‌ماوه‌ری دیموكراتی وداكۆكی له مافی ئافره‌تانی كورد هاتینه مه‌یدانی خه‌بات له هه‌موو بارێكه‌وه، گه‌ر كێشه‌ی میلله‌تی كورد كێشه‌یه‌كی سیاسی‌یه، به‌ڵام كێشه‌ی ئافره‌تان كێشه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه، وه‌ختێ ده‌سه‌ڵاتداران كێشه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی ودادپه‌روه‌ری اجتماعی له‌م وولاته نه‌چه‌سپێنن، مافی نیوه‌ی كۆمه‌ڵگاش وه‌ك ئافره‌تان پێشیل ده‌بێت، گه‌ر ده‌سه‌ڵاتدار باوه‌ری به دیموكراتییه‌ت هه‌یه، ده‌بیت په‌یره‌وی دیموكراتییه‌ت بكات، نابیت تقییمی یان ایدیولوجیای حزبی به‌سه‌ر رێكخراوێكی جه‌ماوه‌ری وه‌ك رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان ته‌تبیق یان فه‌رز بكات .
له‌به‌ر ئه‌وه ئێمه نه‌فره‌ت له‌و كه‌سانه ده‌كه‌ین كه مافی ئافره‌ت چ تاك یان رێكخراوه‌یی پێشیل ده‌كات، له‌كاتێكدا كه ئافره‌تان رێكخراو دروست ده‌كه‌ن ئه‌وا باوه‌ری ته‌واویان به خۆیان هه‌یه، په‌یره‌وی دیموكراتییه‌ت ده‌كه‌ن، چونكه دروست بوونی چه‌ندها رێكخراو له كوردستان خۆی‌له‌خۆیدا به‌ره‌و مه‌ده‌نیه‌ت چوونه. گه‌ر نیوه‌ی مجتمعیش وه‌ك ئافره‌تان به‌ره‌و مه‌ده‌نیه‌ت نه‌جێت، ئه‌وا ئه‌و مجتمعه مشلوله، ناتوانێت پێشكه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێت، ئه‌و خه‌ڵكه نفسیه‌ت نزمانه كه باوه‌ریان به پێشكه‌وتن ومه‌ده‌نیه‌ت ودیموكرتیه‌ت نی‌یه كه رۆژ به رۆژ ئافره‌تان ده‌وری خۆیان تیا ده‌بینن، له ئه‌رك ومافی دادپه‌روه‌ری وعداله‌تی اجتماعی جێگای خۆی ببینێت .
هه‌ڵبه‌ته سلبیاته‌كان بۆ ئه‌وان ده‌گه‌رێته‌وه نه‌ك ئافره‌تان.

**٣- رێزان علی ابراهیم مامۆستای به‌شی په‌روه‌رده وده‌روونزانی له زانكۆی صلاح الدین:**

گومان له‌وه نی‌یه كه رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان وسه‌نته‌ری پارێزگاری ژنان به‌هێزترین پشت‌وپه‌نایه بۆپاراستنی مافی ئافره‌ت له رۆژێكی وه‌ك ئه‌مرۆ كه چه‌وساندنه‌وه‌و زوڵم وكوشتن وخۆسوتاندن به‌رێژه‌یه‌كی زۆر مه‌ترسیدار له په‌ره‌سه‌ندن دایه.
ده‌ست به‌سه‌راگرتن وتالان كردنی ئه‌و ده‌زگایه، مانای ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ كه هه‌قی ئافره‌ت بخورێ وهه‌رده‌م ژێرده‌سته وچه‌وساوه بمێنێته‌وه ومافه‌كانی پێشێل بكرێت وله هه‌موو بوارێكی ژیانی‌دا، پیشه‌یی، هونه‌ری، وته‌كنیكی وكۆمه‌ڵایه‌تی ..هتد، دوور بخرێته‌وه.
ئێمه وه‌ك ئافره‌تانی كوردستان ئیدانه‌ی ئه‌م كاره ده‌كه‌ین به‌كارێكی ناره‌وای داده‌نێین، چونكه ئه‌م كاره دژ به ئازادی وسه‌ربه‌خۆیی ئافره‌ته، دژ به ژیانی نیوه‌ی كۆمه‌ڵه"ئافره‌ت"، وه‌دلیلی ئه‌وه‌یه كه ئافره‌ت دوور بكه‌وێته‌وه له ژیانی ئاسایی خۆی، چونكه روون‌و ئاشكرایه كه‌وا ئافره‌تی كورد تا ئه‌مرۆ ده‌نالێنی به‌ده‌ست كۆمه‌ڵی قه‌یدوبه‌ند، كه بوونه‌ته هۆی به‌ربه‌ست له‌رێی ژیانی‌دا.
بۆیه داوا له گشت گروپ ورێكخراو ولایه‌نه‌كان وجه‌ماوه‌ریش ده‌كه‌ین بۆ نه‌هێشتنی ئه‌م جۆره تاوانه وه‌سزادانی تاوانباران به‌زووترین كات به‌پێی یاسا.



**٤-مومتاز حه‌یده‌ری سكرتیری سه‌ندیكای رۆژنامه‌نووسانی كوردستان:**

له‌رۆژگاری ئه‌مرۆی جیهان، دیارده‌ی داپلوسین وسه‌ركوت كردنی ئازادی تاك وكۆمه‌ڵ، به‌تایبه‌تی له‌به‌ر رۆشنایی مافی مرۆڤ وچه‌مكی دیموكراتی ودروست كردنی بنه‌ماكانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی، به‌كارێكی زێده خراپ وشه‌رمه‌زار ده‌زانرێ، چونكه ناكۆكی هه‌رچه‌ند گه‌وره وئاڵۆز وترسناك بێ، ده‌بێ هه‌ر به رێگای دیالۆگ وزمانی گفتوگۆ چاره‌سه‌ر بكرێ، یان له ئاستی سیاسی وده‌سه‌ڵاتی سیاسی بێ، ئه‌وه هه‌ڵبژاردن ودیموكراتییه‌ت ده‌رمانی ده‌رمانه دیاره نموونه‌ش گه‌لێ زۆره..
له‌باره‌ی ناوه‌رۆكی پرسیاره‌كه‌تان، ئه‌وه جاری هه‌ڵبه‌ت رێكخراوی ناحزبی وره‌سمی كه ئامرازی تێكوشانی سه‌رده‌من به‌تایبه‌تی سه‌ر به ئافره‌تان بیت، ئه‌وه كارێكی زۆر ناره‌وایه ده‌ستی بۆ درێژبكرێ !!
له‌وه‌ش رۆشنتر ئه‌و ده‌ست درێژه‌ییه‌ی بۆ سه‌ر رێكخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان وسه‌نته‌ری پارێزگاری ژنان كراوه، به‌تایبه‌تی لایه‌نێك كه خۆی به‌هێزی سیاسی نیشتمانی وشۆڕشگێر بژمێری، كارێكی وا ئه‌نجام بدات مایه‌ی داخه.. چونكه مه‌سه‌له‌ی بوونی رێكخراوه‌كان به‌شێكه له ره‌وتی پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵایه‌تی، كه یه‌كێكه له دروشمه سه‌ره‌كی‌یه‌كانی تیكرای بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان، له لایه‌كی دیكه‌وه ئه‌مرۆكه له كوردستان باسی دامه‌زراندنی بنه‌ماكانی كۆمه‌ڵه‌گه‌ی مه‌ده‌نی (شارستانی) ده‌كرێ، جا ئه‌گه‌ر رێكخراوی پیشه‌یی وكۆمه‌ڵایه‌تی وفیكری به‌ر شالاوی داپلوسینی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی بكه‌وێ، ئه‌و كۆمه‌ڵگایه كه نیوه‌ی ئافره‌ته چۆن دروست ده‌بێ..؟! به‌هه‌ر حاڵ وه‌ڵامی ئه‌و پرسیاره لای من ئه‌و كه‌سانه‌یه ⇦

⇨ لە هەر کوێیێک بن، کە کاری توندوتیژی ئەنجام دەدەن..؟!

**٥- نەژاد عزیز سورمێ، لێپرسراوی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی وخەبات:**

دیارە هەر هەوڵێك بۆ پارێزگاری لە مافی ئافرەتان بە تایبەتی لە کوردستان جێی پێزانین ورێزە..

لێرەوە پێکهێنانی سەنتەرێکی لەو شێوەیە لەهەر شوێنێکی کوردستان بێت، بەرای من پێویستە پشتگیری لێ بکرێ نەك بەپێچەوانەوە دژایەتی بکرێ ..

دیارە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەو چەشنە لێکدانەوەو عەقلیەتەو پەیرەوە سیاسیەوە هەیە کە پیادە دەکرێت .

سەیرشم پێ دێ لەلایەك برادەران ئیدعای مۆدرێنزم ویەکسانی ومافی ئافرەتان دەکەن ولەلایەکیترەوە سەنتەرێك دادەخەن کە بۆ پارێزگاری ئافرەتان دانراوە.



**٦-حەمە کریم هەورامی، نووسەر:**

داخستنی هەر بنکەیەك لە کوردستان خۆی لە خۆیدا وە لە زاتی خۆیدا شتێکی ناشارستانی وناشایستەیەو جوان نییە .

گەر ئەو رێکخراوە چ بە تەنیا یان لەگەڵ رێکخراوەکانیتردا هێز وتوانای بخەنە پاڵ یەك بۆ رزگار بوونی ئافرەت جا لە هەر رێکخراوێکدا بیت بە تایبەت رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کە بۆ یەکسانی تێدەکوشێ پێویستە هەموو کەسێك یان هەموو لایەنێك یان رێکخراوێك پشتگیریان بکات چونکە ئافرەتی ئێمە لە هەموو ئافرەتانی جیهان بێماف تر وبێبەش تر وپاشکۆترن .

گەر ئێمە دواکەوتوو پاشکۆین ئەوا ئافرەتانمان چەندین جار بەدرێژایی مێژوو ستەمیان لێکراوە.

داخستنی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کە تێبکوشێ بۆ مافی یەکسانی ئافرەتان، من بەشتێکی پەسەندی نازانم، دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەری هەڵدەبرم. وەك ووتم گەر ئەو رێکخراوە رزگاربوونی ئافرەتی کورد لەو کوت وزنجیرەی کە ساڵەها ساڵە ئافرەتی پێ بەندکراوە، تائەم رێکخراوە کەمو کورتیشی هەبیت دەبیت چاو پۆشی لێ بکرێت، نابیت دابخرێت .ئافرەت بەشی هەرە زۆری خەباتی مێژووی خستۆتە سەر شانیسەرباری ئەو گیروگرفتانە بەڵام دوژمنانی ئافرەت هیچ مافێکی وەك انسان پێ رەوا نەبینیوە، کە ئافرەت خۆی سەرچاوەی بوون وبوژانەوەی ژیانە، ئەو ئافرەتانە لە دائیرەکان ئیش دەکەن یان دێنە دەرەوە، وادەزانن مافیان وەرگرتووە، مافی انسانییان زۆر لەمە زیاترە، دەبێت خۆیان رزگار بکەن لەو کوت وزنجیرانەی کە لە دەست وپێ بەندکراوە، هیوادارم بە هەموو لایەك هەوڵبدەین وتێبکۆشین بۆ ئازادبوونی ئافرەت.

**٧-ئازاد حەمەدەمین، نووسەر:**

ئێمە، نەخاسمە حزبە باڵادەستەکانی کوردستان لە رۆژانی پێش راپەرین، کاتێك لە خەباتی ژێرزەمینی ئیدعای مەزلومیەتمان دەکرد ئەو وەختە داوامان لە خەڵك دەکرد دەست لەگەڵ بەعس تێکەڵ مەکەن و وەرن ئازادی رێکخراوەیی وسیاسی خۆتان مومارەسە بکەن، کەچی دوای راپەرین، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان (کە یەکەمین هەنگاوی رێز گرتن بوو لە ئیرادەی خەڵك) بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ ئازادی خەڵك بکەین، کۆسپ دەخەینە بەردەم ئازادی رێکخراو بوون، نازانم ئەوانەی هەق بە خۆیان دەدەن هەبن وهەموو ئازادی وریزبەندی ورێکخراوبوونێك بە خۆیان وبۆ خۆیان بەرەوا دەزانن ولە خەڵکیتریشی قەدەغە دەکەن ئەم دەسەڵاتەیان لە کوێ هێناوە، واتە مەبەستم ئەوەیە چ سەرچاوەیەکی شەرعیو میللی (کە میللەت خۆی سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە) ئەم دەسەڵاتەی پێداون کە ئازادی رادەربرین وئازادی رێکخراوبوون نەخاسمە لە ژنان قەدەغە بکرێ. دروشمی بریقەداری دیموکراتیزە بوون ومەدەنیەت وپلورالیزم ولیبرالیەت ومۆدرینزم لە کوێ وداخستنی بنکەی رێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان وسەنتەری پارێزگاری ژنان لە سلێمانی لە کوێ ! ئاخۆ دەبێ ئەم سەنتەرەش (یان کۆنەپەرست وکۆنەخواز وخێڵەکی بن) یان (ئوسولی وسەلەفیەتی روحی بن)، لەمپەر دانان لەبەرامبەر رێکخراوبوون نەخاسمە بۆ ئافرەتان کە شەو ورۆژ بانگەشەی مەزلومیەت وچەوساندنەوە ونایەکسانی وناعەدالەتییان دەکرێ، لە ژێر هەر پەردە وپاساو وبیانویەکدا بێ نەك هەر کارێکی قێزەونە بەڵکو مایەی مەحکوم کردنە، وەکپ کردنی دەنگەکان، دەمکوت کردنی ئازادییەکان، لەمپەر دانان لەبەردەم بەرنامەی ئافرەتان خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی تەوژمی رەنگرێژکردنی کوردستانو ئەو بانگەشەکردنەی مەدەنیەتە کە خەریکە پێشبرکێی لەسەر دەکەین .

لە کوێ دەنگەکان کپ کران بەتایبەتی دەنکی ئافرەتان، لەوێ مردنی خۆمان دەست پێدەکات. ئەمرۆ لەدونیای تازەدا گفتوگۆ ومشتومر هێشتا لەسەر دیوە ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی کێشەی ئافرەت گەرمە، ئافرەتیش لەوڵاتی بەفر وخوێنی ئێمەدا جگەلەوەی بەشێکی گیانی شورشگێرانەی رابردوومانن، جگەلەوەی لەتێکی زیندووی جەستەی خوێن لێ چۆراومانن ..ئەوە هەموومان دانمان پێیاناوە کە ئافرەتان نەجارێك بەڵکو دووجار وسێ جار زیاتر لە پیاوان چەوساوەترن، بۆیە ئەگەر ئەوانەی شەو ورۆژ عەودالی ئەوەن سێ چوار سەدە بۆ دواوەمان بگێرنەوە هەموو ئازادی ودەستکراوەییەکان هەبێ.. ئەی بۆ دەبێ رێگە لەبەردەم سەنتەرێکی ئافرەتان بگێرێ کە هەر هیچ نەبێ لە بانگەشەکردن وئیدیعاکانمان بۆ مەدەنیەت وعلمانیەت شەریکن .

من ئەو قسانەم لە فەزای سیاستەوە ناکەم بەڵام دەڵێم دەبێ خەبات وکاری جیددی زۆر بکرێت تا بتوانرێ رەوشێکی وا بیتە ئارا ئافرەتان بتوانن هەماهەنگی رێکخراوەیی بکەن وزۆر کار هەیە کە دەبێ بیکەن کە هەر خۆیان دەتوانن ئەوە بکەن.

## ١٣ پەرلەمانتاری سویدی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە کوشتاری وەحشییانەی ژنانی لەشفرۆش لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەردەبڕن!

بۆ بەدەنگەوە هاتنی هەوڵەکانی کەمپینی فراوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو کۆمیتەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنان، سەدان رێکخراوو دەزگاو شەخسییەت لەوڵاتانی جۆراوجۆر بە ناردنی نامەو بەیاننامەو فاکسو تەلەفۆن بۆ سەر حکومەتی عێراقیو سەفارەتەکانی، نەفرەتو نارەزایەتی خۆیان لەکردەوەی وەحشییانەی حکومەتی بەعسو سەربڕینی ژنانی لەشفرۆش دەربڕیو خوازیاری راگرتنی دەستبەجێی ئەم هەڵمەتەی رژێم بوون.

لەم نێوەدا ١٣ پەرلەمانتار کە نوێنەری هەموو حیزبە سویدیەکانی ناو پەرلەمان بوون نامەیەکی نارەزایەتییان کردە سەر صدام حسێن، کە لەخوارەوەو وەکو نموونەیەکی ئەو نامە نارەزایەتییانە چەند بەشێکی بڵاو ئەکەینەوە.

**جەنابی سەرۆك**

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی سویدو ئیمزاکەرانی خوارەوە زۆر واقمان ورما کاتێك لەوە ئاگاداربووینەوە کە نزیکەی ٥٠ ژنو پیاو لەعێراق بەبەرچاوی خەڵکەوە سەریان لە جەستەیان کراوەتەوە. ئێمە دژایەتیمان لەگەڵسزای ئیعدامدا مەسەلەیەکی رەهایە، وەکو پێشێلکردنی یەکێك لە سەرەکیترین مافەکانی ئینسان، کە ئەویش مافە ژیانە، وێرای مافی ئینسان لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ سزایەکی وەحشییانەو نائینسانیو سووکایەتیئامێز.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە پێمان گەیشتووە ئەم ژنو پیاوانە بەتاوانی لەشفرۆشیو لەژێر ناوی هەڵمەتی (لەناوبردنی لەشفرۆشیو تاوانە ئەخلاقییەکان) و لە زۆرێك لەناوچەکانی بەغدادو شارەکانی دیکە بەرێوە براوە.

لەبەرێزتان داواکارین کە دادگایەکی عادیلانە زامن بکەن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە گومانیان لێئەکرێت تاوانێکیان ئەنجام دابێت. هەروەها داوا لە بەرێزتان ئەکەین کە لە یاسای سزاداندا پەیرەوی لەبنەمای هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام بکەن.

- کارینا هیك- سەرۆکی لقی سویدی هەیئەی سیاسی جیهانیی بەرگری لە مافەکانی ئینسانو ئەندامی حیزبی سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمانو ئەندامی وەزارەتی دەرەوە)
- اکنیتا بریند، بنکت ئولا ریتار، بوتە والستروم (ئەندامانی حیزبی سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمانی سویدی).
- ئیفا ستربری (نوێنەری حیزبی چەپی سویدی لە پەرلەمان).
- بیر لاکر، (نوێنەری حیزبی سەوزی سویدی لەپەرلەمان).
- هیلینا بارکولتز، ماریان بییر (نوێنەرانی حیزبی گەلی سویدی لە پەرلەمان).
- یان ئیریك ئۆکرین، روسیتا رونکروند، ئانیلی ئینوجسون (نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی مەسیحی لە پەرلەمانی سویدی).
- ماریان اندرسون، (ئەندامی حیزبی سەنتەری سویدی لە پەرلەمان).
- لیسلوتا فاکو، (ئەندامی حیزبی چەپی سویدی لە پەرلەمان).

## دەبێ بکوژانی ژنان دادگایی بکرێن !

*جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان*
*ژنانی ستەمدیدە*
*رێکخراوەکانی ژنان*
*حزب ولایەنە سیاسیەکان*

وەك هەموو لایەك ئاگادارن لەسەرەتای مانگی ١٠ی٢٠٠٠ (مەمە خان رەسوڵ) کە ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵە بوولە شاری هەولێر لەگەڕەکی (بەهار)، دوای مردنی هاوسەرەکەی، ژیانی خۆی بۆ دابین کردنیبژێوی خۆیو منداڵەکانی تەرخان کردبوو، بەکولەمەرگیژیانی ئەبردەسەر. بەیانیەك لەکاتی چوونی بۆ نان کڕین برایەکی تیرۆریستی لەگەڵ چەند کەسێکیتری وەك خۆی پەلکێشیدەکەن ودەیدەنە بەر ڕێژنەی گوللە وژیانی لێدەستێننەوە، ئەگەرچی (مەمەخان) هەوڵی داوە لە ژێردەستیان دەربچێ وڕابکات ، بەڵام بێهودەبوو و دەستی دڕندەیی ووەحشیەتی پیاوسالاریو کۆنەپەرستی لەژێرناوی ناموس پەرستیدا گەیشتە گیانی(مەمەخان).

دیارە مێشکی ژەنگ گرتوی پیاوسالاری ئەوەی پێقبوڵ نەکراوە کە ئەوژنەومنداڵەکانی هەوڵ بدەن بۆدابین کردنی ژیانێکی خۆشگوزەران وبەختەوەر، بۆیە چەندین جار لەلایەن براکەیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە ، (مەمەخان) ئاگاداری خزم وکەسانی خۆی کردوەتەوە ودوومانگ لەماڵی شووبرایەکی خۆیدەشارێتەوە چونکە براکەی داوای لێ دەکا خانوی خۆیومناڵەکانی بۆبفرۆشێ وکچە بچوکەکەی بەزۆرشووبەکوڕی براکەی بکات.

ئێمە وەك ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان هەرلەسەرەتای ئەم تراژیدیا دژەژن ودژە بەشەریەوە هەڵوێست ونارەزایەتی خۆمان دەربڕی وداوای دەستگیرکردن ودادگایی کردنی ئاشکرای تاوانبارانمان کرد، بەڵام جێیداخ ونیگەرانیە کەتاکو ئێستاش بکوژانی(مەمەخان) بەئازادی دەسوڕێنەوەو هەڕەشەی بەردەوامیش لەسەر ژیانی مناڵەکانی هەیە کەچارەنوسیان لەوەی دایکیان باشتر نابێت ئەگەر هەرهەوڵێك بدەن بۆ دەسگیرکردن ودادگایی کردنیتاوانباران.

ئەمڕۆ بەهۆی مانەوەی قانونە داڕزیوەکانی ئەحوال شخصی کەپاشماوەی ڕژێمی بەعسە ولەکوردستاندا تاکو ئێستا کاریان پێ دەکرێت، کوردستان بوەتە ناوچەیەکی ئارام بۆبکوژانی ژنان وبەردەوام هەواڵی تیرۆر کردنی ژنان وتەقاندنەوەی شوێنە گشتی ومەدەنیەکانی تایبەت بەژنان بەرگوێ دەکەون، تیرۆروهەڕەشەی کوشتن وخۆسوتاندن ولوت بڕینی ژنان بەشێوەیەکی ترسناك پەرەی سەندوە لەژێر سایەی پیاوسالاریوکۆنەپەرستی وسوننەتی عەشیرەتی دا کەهەرکەسێکی خاوەن ویژدان ڕادەچڵەکێنێ.

ئێمە لەڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، دەسەڵاتداران بەبەرپرسیار دەزانین لەدۆزینەوەی تاوانباران وبکوژانی (مەمەخان) ودادگایی کردنیان لەدادگایەکی ئاشکرای جەماوەریدا، هاوکاتیش بانگەوازی ڕێکخراوەکانی ژنان وکەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز دەکەین بۆ یەکخستنی ڕیزەکانمان لە پێناو بەرگرتن بە شاڵاوی تیرۆری ژنان و بەرقەرارکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو.

بمرێ پیاوسالاری وکۆنەپەرستی!
بمرێ تیرۆر!
بژی یەکسانی ژن وپیاو!

**ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**
٢٠٠٠/١٢/١٤

## هەواڵەكـانی توندو تیژی لە دژی ژنـان

١- چومـان محمـد، تەمـەن ٢٤ سـاڵو ماموٚسـتا، لـەرۆژی ٢٠٠٠/١٠/٢٣ دوای توندوتیژییـەكی زۆر لەلایـەن هاوسـەرەكەیەوە خـۆی سـووتاند ودوای سـێ رۆژ گیـانی لەدەسـت دا، شـایانی باسـە ئـەم ئافرەتـە دوو منـاڵی هەیـە وخەڵكی هەولێرە.

٢- گوڵسـتان بـایین، تەمـەن ٢٠ سـاڵ ،خەڵكی گوندی قەتـەوی سـەر بەشـاری هـەولێر، دوای لێدانێكـی زۆر لەلایـەن مێردەكەیـەوە خـۆی سـووتاند ودوای شەش رۆژ گیانی لەدەست دا .

٣- نهلە هـەورۆ خەڵكی شـاری هـەولێر، لە١٠/٢٩ خـۆی سـووتاند ودوای شـەش رۆژ گیانی لە دەست دا.

٤- ایمان سمكۆ خەڵكی گەرەكی قەریەی چیاگی شاری هـەولێر، لـە٢٠٠٠/١٠/٣٠ خـۆی سـووتاند ودوای دوو رۆژ گیـانی لەدەست دا .

٥- گ.چ خـەڵكی دیانـا، تەمـەن بیسـت سـاڵ، شـووی كـردووە ولـە ٢٠٠٠/١١/١ سووتاوە .

٦- ماریە عباس رشید تەمەنی ١٧ ساڵ ،خەڵكی گوندی سـەیدان سـەر بەشـاری هەولێرە، باوكی ویستی بەشووی بـدات بـە پـیرەمێردێك كـە تەمـەنی ٦٥ سـاڵە ،لە٢٠٠٠/١١/٢ خۆی سووتاندوە وداوی ٧ رۆژ گیانی لە دەست دا .

٧- مەمـەخان رسـول خـەڵكی گـەرەكی بەهاری شاری هەولێر ، بەیانی لە كاتی چوون بۆ نـان كڕین لەلایـەن براكەیـەوە گوللەیـەك بەسـەری دەنرێـت و گیـانی لەدەسـت دەدات، لەبـەر ئـەوەی كچـە منداڵەكەی بە شوو نەداوە بە برازاكەی .

٨- ش.پ تەمـەنی ١٧ سـاڵ، خـەڵكی شـاری هـەولێر، لـە ٢٠٠٠/٩/٢ خـۆی سووتاندووە بە هۆی سوكایەتی واهانەی هاوسـەرەكەی وئێسـتا دەم وچـاوی مشوهە .

٩- ژ.و خەڵكی دیانا ،شووی كردووە ،لە ٢٠٠٠/٩/٧ سووتاوە .

١٠- أ.ق تەمـەنی ١٣ سـاڵە ،خـەڵكی هـەولێر، لـە ٢٠٠٠/١٠/٩ سـووتاوە بەرێژەی ٣٠٪ .

١١- أ.ع خەڵكی شاری هـەولێر، لەبـەر ئـەوەی هاوسـەرەكەی زۆر سـووكایەتی پـێ دەكـات لـە ٢٠٠٠/١٠/١٠ خـۆی سووتاندووە .

١٢- سەیران محی الدین، خەڵكی شاری هەولێرەلـە ٢٠٠٠/١٠/١٠ خـۆی سـووتاندوە ودوای رۆژێـك گیـانی لەدەست دا .

١٣- م.ف خـەڵكی خـانقین وئاوارەیشـاری هـەولێرە ،لـە٢٠٠٠/١٠/١١ سـووتاوە وئێسـتا مشوهە .

١٤- شیما وەلی لـە ٢٠٠٠/١٠/١٣ خـۆی سووتاندوە ولە دوای چەند رۆژێك گیانی لەدەست دا.

١٥- كاڤمە عبد الرحمن خـەڵكی شـاری هـەولێرە، لـە ٢٠٠٠/١٠/١١ خـۆی سـووتاندووە ودوای چـوار رۆژ گیـانی لەدەست دا.

١٦- س، م.س دوو خوشـكن بـە هـۆی تەباخی نەوت سووتاون خەڵكی كەڕەكی تەیراوە لە شاری هەولێر .

١٧- س.ر تەمەنی بیست ساڵە ، خەڵكی ئوردوگاكانی سەر بە شاری هـەولێر، لـە ٢٠٠٠/١١/١ سووتاوە بەرێژەیەكی زۆر.

١٨- عطیة طاهر خەڵكی گوندی عـەزەی سـەر بـە شـاری هـەولێر. لەلایـەن هاوسـەرەكەی زۆری لێ دەدرێـت چونكـە منـاڵی نـەبوو، لـە ٢٠٠٠/١٠/١٣ خـۆی سووتاندوە ودوای ٧رۆژ گیانی لەدەست داوە.

١٩- سـارا مامـەند احمـد تەمـەنی ١٥ سـاڵ، خـەڵكی شـاری هـەولێرە، لـە ٢٠٠٠/١١/١٨ خۆی سووتاندووە ودوای دوو رۆژ گیانی لەدەست دا.

٢٠- ش.س تەمـەنی ١٧ سـاڵە، قوتـابی ئامـادەیی، سـووتاوە. خۆشـبەختانە رێژەی سووتاوەكەی كەمە.

## تەقاندنەوەی شوێنە گشتی‌یەكان نیشانەی ئیفلاسی سیاسی‌یە !

**جەماوەری ئازاد یخواز!**

رۆژی سێ شـەممە رێكـەوتی ٢٠٠٠/١١/١٤ لـە پشت شـەقامی (باتـە) لـە شـاری هـەولێر تەقینەوەیـەك روویـداو بـووە هـۆی زەرەر وزیـانێكی زۆری مـادی وروحـی ولـەئاكامدا چـەندین كـەس كـوژران وچـەندەها كـەس برینـدار بـوون وزەرەر وزیـانێكی زۆریـش لـە دوكانـەكانی دەوروبـەری كـەوت . بێ گومـان لـە ماوەی رابردوودا چـەندەها تەقینـەوەی یـەك لـە دوای یـەك روویـداوە. لـە تەقاندنـەوەی شـوێنە مەدەنی‌یـەكان بەگشـتی وصالونەكانی ئافرەتان بە تایبەتی كە بوەتە مایەی تێكدانی ئارامی ژیانی خەڵك وزاڵ كردنی فەزای ترس ودڵەراوكێ .

ئێمـە وەك نـاوەندی هاوبەشـی رێكخراوەكـانی ئافرەتـانی شـاری هـەولێر ئـەم كـارە تیروریستی وئیرهابی‌یـە وكوشـتن وبرینداركردنـی خـەڵك بـە تونـدی ریسـوا ومـەحكوم دەكـەین و دەبـێ تیرۆریسـتان وتاوانبـارانی تەقاندنـەوەی شـوێنە گشـتی‌یەكان ومەدەنیەكان بەزووترین كات دەسگیر بكرێن وبدرێنە دادگا وهاوكات سەرەخۆشـی لە كەس وكاری قوربانیان دەكەین وهیوای چاك بوونەوە بۆ برینـدارەكان دەخوازین .

**مەرگ بۆ تیرۆر وتیرۆریستان !**

**رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان**
**بزاڤی ئافرەتانی كوردستان، اتحاد نساء التركمان**
**یەكێتی ئافرەتانی دیموكراتی كوردستان**


**یەكسانی**

**بڵاوكراوەی رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

**سەرنووسەر: ساكار ئەحمەد**


## سەنتەری لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

## یەكەمین كۆنفرانسی ساڵانەی خۆی سەركەوتووانە بەرپاكرد

رۆژی ٢٠٠٠/١٢/١٠ یەكەمین كۆنفرانسی ساڵانەی "سەنتەری لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی ژنـانی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت" لـەدەوری تـەوەرەی "جیـهانگیریی مافـەكانی ژنـان" لەزانكۆی لەندەن بەرپاكرا. لەم ڕۆژەدا شارەزایان و هەڵسووڕاوانی ناسراوی بەرگری لە مافەكانی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم كۆنفرانسەدا كۆبوونەوەو گەلێك لە مەسەلە سەرەكییەكانی ژنانی ئەم كۆمەڵگایانەیان دایە بەر باس و گفتوگۆ. كۆنفرانسەكە بەوتاری ئیفتتاحییەی نادیە محمود-یەكێك لە دامەزرێنەرانی سـەنتەرەكە دەستی بـەكارەكانی كرد و بەدوای ئەمەدا وتارو قسەوباسەكان دەستی پێكرد.

نوال السعداوی لەبارەی ژنان و داهێنان و سیاسەت، ئازەری ماجدی لەبارەی ئاپارتایدی جنسـی و ئیسـلام و "نسـبییەتی كـەلتووری"، شـریف حتاتـە لـەبارەی ژنـان و كـەلتوری گلوبالیزاسیۆن، نادیە محمود لەبارەی ژنان و ئابلۆقـەی ئـابووری سـەر عـێراق، سوسـن سلیم لـەبارەی تیرۆری ژنان لە كوردستانی عـێراق و سـەنتەری پارێزگـاری ژنـان، زهیـە الصالحی لەبارەی یاسای خێزان لە جەزائیر، ئـەعزەم كـەمگویان لـەبارەی جیـهانگیریی مافەكانی ژنان و تیۆرە پۆست مۆدێرنیستی‌یەكان و، ئایدا تۆما سلێمان لەبارەی ئازادی فەلەستین و رزگاری ژنانـەوە وتـەیان پێشـكەش كـرد. لـەم وتـەو قسەوباسـانەدا كـە راستی‌یەكانی ژیانی ژنانی لە كۆمـەڵگاكانی گیرۆدەبووی ئیسلام، ئیسلام و ئاپارتایدی جنسی، نسبییەتی كەلتووری و پۆست مۆدێرنیزم-یان دەدایە بەرباس و پێیان لەسەر سكۆلاریزم و جیهانگیریی مافەكانی ژنان دادەگرت، لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادەبووان ڕووبەڕوو بووەوە. دوابـەدوای وتـەكان، سمیرە المانع، نووسـەری عـێراقی پارچەیـەكی ئەدەبی خوێندەوە.

لەكاتی كۆنفرانسەكەو ڕۆژانی پێش و پاشی‌دا كۆمەڵێك دەزگای راگەیاندن گفتوگۆیـان لەگەڵ پانێڵەكاندا كرد.

لەكۆتایی كۆنفرانسەكەدا بڕیارنامەی پێشنیاریی سـەنتەری لێكۆڵینـەوەو توێژینـەوەی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، كەتیایدا گرنگترین و سەرەكی ترین مەسەلەكانی ژنانی ئەم كۆمەڵگایانەو چۆنێتی زاڵبوون بەسەریاندا باس كرابوو، لەلایەن زۆربەی ئامادەبووانەوە پشتیوانی لێكرا. دواتر كۆمەكی مالی بۆ كەمپینی بەرگری لە ژنانی عێراق كۆكرایەوە.

كۆنفرانسەكە پێشوازی‌یەكی زۆر گـەرمی لێكـرا، بەداخـەوە ژمارەیـەكی زۆر لـە هۆگـران بەهۆی نەبوونی جێگاوە نەیانتوانی بەشداری كۆنفرانسەكە بكەن و تەنها جێگـەی ٢٠٠ كەسێك بووەوە. تاكو ئێستا ژمارەیەكی بەرچاو لە دەزگاكانی ژنان و رۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیاجیا خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە وتـەكان و قسەوباسـەكانی كۆنفرانسـەكەو بڵاوكردنەوەیان بوون بەشێوەی كتێب و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

## بەیاننامەی مەحكوم كردنی سەربرینی ژنانی لەش فروش لە عیراق!

رژیمـی درنـدەی بـەعس لـە شـارەكانی بـەغداد، بـەصرە، موصـل وە چـەند شـاری تـر، هیرشـیكی درندانـەی بـو سـەر ژنـانی لـەش فـروش بەری‌خسـتوە. لـە مـاوەی رابـردوودا زیـاتر لـە ١٨٠ ژن لـەم هیرشـەدا بە شمشیر سەریان بـرراوەو دواتریـش بەمەبەسـتی پیكـهینانی جـەوی تـرس و توقـاندنی خـەلك، سـەرەكانیان بـەدەرگای مالـەكانـەوە هەلواسـیوە. بـە پیـی هەوالـەكان یـەكیك لـەو ژنانـەی كـە دەسـگیر كـراوە و دواتـر سـەربرراوە نـاوی (نـەجات محەمـەد حـەیدەر)ە ، كـە لەبەرئـەوەی رەخنـەی گرتوە لەوەی كە رژیم لەكاتی دابەش كردنـی دەرمـاندا ئـەو دەرمانانـەی كـە مـاوەی بـەكارهینانیان ماوە، بو كەسانی دەوروبەری رژیم خوی، وە دەرمانی كونیان بەسەر خەلكی تردا دابەش كراوە.

ئەم كوشتارە تائیستاش دریژەی هەیە، وە لەلایەن رژیمەوە راگەیەنراوە كە دەبی هەركەسیك وە بە تایبەت موختاری گەرەكەكان لە ناوچەكەی خویـاندا خەبـەر لـەو جـورە ژنانـە بـدەن، وە ئەگـەر ئـەو كارە نەكەن ئەوا خویان بەهەمان سزا دەگەیەنرین.

بـرەو پـەیدا كردنـی لـەش فرۆشـی لـە عـیراق لـەم چـەند سـالەی دواییـدا، یەكیكـە لـە ئاكامـەكانی داسەپاندنی گەمارۆی ئابوری بۆ سەر عیراق، وە شەرە یەك لەدوای یەكـەكانی دەولـەتی بـەعس لـە ناوچەكـەدا، كـە هـەژاری و بی‌كاری‌یـەكی لـەرادە بـەدەری بـەدوای خویـدا هینـاوە، وە بەشـیك لـە ژنانیش بو زیندوومانەوەی خویان و خیزانەكانیان، بەناچار روویان لەم كارە كردووە.

رژیمی بەعس لە جیاتی دابین كردنی پیداویستی مالی و خستنە سەر كاری ژنانی بیكار، وە دانی بیمەی بیكاری بەو ژنانەی كە لەبەر هـەژاری لـەش فرۆشـی دەكـەن، زور بە ئاشكرا وە بـە مولـەتی پیاوانی ئایینی بە شمشیر سەریان دەبریت.

خەلكی ئازادی خوازو مرۆڤ دۆست!

ئیمە كە كومەلیك لە هەلسوراوان و ریكخراوی مەیدانی بزووتنەوەی ژنـانین، سـەرەرای ئـەوەی ئـەم كوشـتارە مـەحكوم دەكـەین و پشـتیوانی خومـان بـۆ ئـەو ژنانـە رادەگەیـەنین، داوا لـە هـەموو كەسایەتی، ریكخراوو لایەنە ئازادی خوازو مـرۆڤ دۆسـت و رادیكالـەكان دەكـەین، دەنگـی خۆیـان بخەنە پال دەنگی ئیمە، وە لە دژی ئەو تاوانكاریە دەنگیان هەلبرن، بۆ وەستانەوەی ئەو كوشتارەو دیفاع لەو ژنانەی كە جگە لە بەرەی ئازادی خوازو پیشكەوتوو هیچ پشتیوانەیەكی تریان نیە.

٢٠٠٠\١١\٢٢

**(كۆمیتەی كاتیی دژی كوشتنی‌ژنانی لەش فرۆش لە عیراق)**

١-كۆمیتـەی دیفاع لە مافی ژنان لە عیراق، ٢-كۆمەلـەی ئافرەتـانی عـیراق، ٣-كۆمەلـەی خـەبات بـۆ رزگـاری ژنـانی ئـیران، ٤-كـەمپینی نیونەتـەوەی بـو دیفـاع لـە مـافی ژنـان لـە ئـیران، ٥-ریكخـراوی سەربەخۆی ئافرەتان، ٦-كۆمەلەی ئافرەتانی كوردستان، ٧-كۆمیتـەی دیفـاع لـە ژنـانی كـورد، ٨-نوینەرایـەتی سـەنتەری پاریزگـاری ژنـان لـە كوردسـتان، ٩-سـەنتەری ژنـانی كوردسـتان لـە سـوید، ١٠-یەكێتی ژنانی كوردستان (توركیا)، ١١-یـەكێتی ژنـانی دیموكراتـی كوردسـتان، ١٢-سـەنتەری راگـەیاندنی ژنـانی كوردسـتان، ١٣-كومەلـەی مـافی مـروڤ بـۆ ژنـان و منـالانی كوردسـتان، ١٤-كەمپینی نیونەتەوەی دیفاع لە ژنانی كوردستان، ١٥-رادیـۆی دەنگی ژنان، ١٦-رادیـۆی شـەبەنگ، ١٧-ژنانی سۆسیال دیموكراتـی كورد(سوریا)، ١٨- چەند كەسایەتی و هەلسوراو( چنور صدیـق، مریەم سەرهەنگی، جینا لبادی، شەهلا، مەرزیە).